**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٦٦٤ لە ٢٠٢٦/٢/٥**

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ تایبەت بە کەرەنتینی ڤێتێرنەری**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە بەپێی بڕگەی (١١) لە ماددەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٠، بڕیارماندا بە هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ تایبەت بە کەرەنتینی ڤێتێرنەری تایبەت بە هاوردە و هەناردەکردنی ئاژەڵ و بەرووبوومی ئاژەڵی بەم شێوەی خوارەوە:

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** هەمواری خاڵی (٨) لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٤) بەم شێوەیەی خوارەوە دەنوسرێت:

٨- نابێت گۆشتی ڕەشە ووڵاخ دەمار و بڕبڕەی پشت و لیمفە گرێیەکانی تێدابێت.

**دووەم:** زیادکردنی خاڵی (١٨) بۆ بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٤) بەم شێوەیەی خوارەوە دەنوسرێت:

١٨- بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر و بەرووبوومەکانیان دەکرێ بەپێی چاپتەری (4.4.) لە ڕێنمایی ڕێکخراوی (**WAOH**) کار بە سیستەمی (**Zoning and Compartmentalization**) بکرێت ئەمەش دوای هەڵسەنگاندنی بواری ڤێتێرنەری ووڵاتەکە و جۆری و ڕێژەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشەکە دەبێت و لە لایەن بەشە هونەرییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بڕیاری لەسەر دەدرێت.

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**